www.kurdistannet.org
15-11-2007 21:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ ئەو خوێندکارەی بەناو خوێندکاری راگەیاندنە... ڕاگوێز

بەڕێزم جاری ئەو کانییەی کەئاوی لێدەخۆیتەوە بری مەکەرەوە چونکە ئەوە پیشەی سپڵەو بێوەفاکانە، بە وتەی خۆت خوێندکاری ئەو بەشەی گەر لات وایە ئەو بەشە مستەوای زانستی نیە وەك ئەوەی باسی لێدەکەیت زۆر ئاساییە بڕۆیتە بەشێکی تر گەر ئەو وەرگرتنەت لەو شوێنە ڕەوا بێت بە حەقی خۆت بێت یان لەژێر ئەو ناوەدا قسەی بی بنەما دەکەیت بۆ وەرگرتنی پاداشت، چونکە تەنها ئەوکەسانەی بە پاڵپشتی ئەم حیزب و فلانە کەس وەرگیرابن شایەنی ئەوشوێنە نەبن تەنها بۆ بەدەست هێنانی بروانامەیەك و هیچیتر ئەویش بۆ مانەوەیان لە پلەو دەسەڵاتیان لەوحیزبانە یان هەر جێگەیەکی تر هاتبن هەڵبەت هەموویان نا زۆریان شایەنی لەوە بەرزتریان هەیە کە مافی خۆشیانە خوێندن تەواو بکەن، پاشان گەر لەدڵسۆزیتە بۆ ڕاگەیاندن ڕەخنەی بنیات نەر بنی... ئەوسا کێ نالّی تۆش بەروەردەی دەستی حیزب نیت بەم کارەت چاوەڕێی دەسکەوتی یا کورسییەك ناکەیت. ئایا پێش ئەوەی ناوی مامۆستایەك بێنی لات وانیە ئەوە ناوزراندن بیت ئەی بۆ ڕاستەو خۆ ناچیت ڕەخنە بگریت گەرلەسەر حەقیت.

بەڕێز منیش یەکێك بوم لە دەرچووانی ئەوبەشەو زیاتر لەو بەشەوە کاری ڕۆژنامەوانیم بەرەپێداوە کارەکانیشم ڕاستی ئەوە دەردەخەن ئاشکراشە ئەبێت مرۆڤ خۆی پەرەبە تواناکانی خۆی بدات نەك تەنها ئەو بەشە پێیبگەیەنێت، خوێندکارێکی بەشی پزیشکی تەنها لە کولێژەکەی فێردەبێت بێگومان بەشێکی کەمی لایەنە تیوریییەکەی فێردەبێت نەخێر ئەزیزم خراپ حاڵی کراویت لەوساتانەی کە من لەو کولێژەبوم لەوەی ئێستا کەمتری لێبووە زورکەس وکادری شارەزایشی پێگەیاندوە، زۆرهاوڕاشم لەگەڵت کە هیچ کەل وپەل و ئامێرێکی پێویستی لێ نیە ئایا کی بەرپرسیارە ئەوە زانکۆ دەبێت ئەو بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆ، چونکە پێویستی بە بودجەیەك هەیە و ئەویش ئەبێت زانکۆ دابینی کات تا ئەوکات کە لەو بەشەبوم هەوڵی زۆر درا بەڵام بی سود بوو، سەبارەت بە بی مستەوای مامۆستاکانی ئەو بەشەش ئەویش ڕاستە، بەڵام گەندەڵی لێرەوە دەست پێ دەکات، چونکە زۆرێك لەوکەسانەی کە لەوێدا مامۆستان بە هەمان شێوە دەسەڵات و حیزب پاڵپشت بووە بۆیە ئاوابێمستەوایە کەسی شیاو لەو شوێنە وەرناگیرێت گەر لایەنێکی حیزبی پاڵپشتی نەکات ئەمە هۆکارەسەرەکییەکانە نەك وەك ئەوەی تۆ بەڕاست وچەپ بکەویتە هێرش کردنە سەرپیرۆزی شوێنێك.

بەڕێز ئەوەندە سورمەبە لەوەی دەیڵێت گەر ئەوەی دەیڵێت و تەواو او باوەڕت پێی هەیە و ئەو بەشە بەبی مستەواو خراپ دەزانیت بۆ بەرگری دەکەیت لەو ناوانەی کە دیاریکراون بۆ وەرگرتنیان و خوێندنیان لەو بەشەدا کەواتە باشتر نیەبەرگری لەوەبکەیت کە نەچنە ئەو شوێنە خراپەوە؟ تۆ خۆت ساغ کردۆتەوە مەبەست لەو نوسینەت چیە بۆدەسکەوتی پاداشتە یان بۆ چاککردنی ئەو بەشەیە یا ن بۆ مەبەستی تر ه....

لە گەڵ ڕێزم بۆ سەرجەم خاوەن ویژدان و دڵسۆز و بە ئەمەك بۆ ڕێگای کاری ڕۆژنامەوانی، گەر ئەو بەڕێزانەش شایەنی ئەوشوێنەن دەست خۆشییان لێدەکەم کە بتوانن سەرکەوتوانە تەواوی بکەن، بەڵام ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە ئایا ئەو کەسانە لەلایەن حیزبەوە دانراون وەرناگیرێن؟ کەسی شیاوتر نیە بۆ وەرگرتنیان هەر ئەوانە شیاوی ئەوشوێنەن. ئازیزان ئەوەندەکاری لەو جۆرەو خراپتریش کراوە کەگومان لە هەموو شتێك دەکرێت بەلاشتانەوە کارێکی تازە نەبێت.

ragwez

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.